# تاوانی ئێوارەکان




* دیار محەمەد *

که لەشەوە سورەکانت دەبمەوە
نە پاسەوانێک بەهەناسەمان
دەزانێ و
نە گۆڕهەڵکەنێکیش دەماندا‌تە
بەر زلە
کەلەماچکردنی ئێوارانێکت دەبمەوە
نەمردنێک یەخەم دەگرێ و
نە کۆچەرێکیش بەرەو لایخۆی دەمفرێنێ
کەلەتاوانی مەیتەرێک دەبمەوە
نە پە پولەیەک دادگایم دەکاو
نەفریشتەیەکیش ئاخ هەڵدەکیشێ
مردن نەیهێشت
پەنجەکانم داگیرسێنم

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

لەسەر سنگت
تا بە شێنەیی بسوتێن
مردن نەیهێشت شەوەکانت
رەنگی سورکەم
لەسەر شوێن نوێژێکی چڵکن
کە لەئێوارەیەکتەوە ئەڕوانم
ناهێڵێت نەزەر هەڵگەڕێت
پیاتا
وەک سەدایەکی کچ
وەک مێرولەیەکی بەتەمەن
وەک مستیلەکەی دەستی دایکت
بەس ئەوان ئەزانن پڕین لەدرۆ
بەس ئەوان ئەزانن پڕین لە خیانەت
کەچی دەرگاکانمان لەسەر دادەخەن
هەر ئیمە لەلای ئەوان سپین و
ئەوانیش لەلای ئیمە رەشن
هەر ئەوان نایەڵن
ملوانکەیەک لە فرمیسکەکانی
دایکێک بدزین
هەرئەوان هێشتیان بەتاوانەکانی
ئەنفالا هەنگاو بنێین

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

با ئێمەش بەجزوی شیرین
زمانیان داخ کەین
نەک ئەوان زمانمان قرتێنن
نا .. نا
قەدەر مەهیڵە تۆ ببیە مەیم
با مەیم ببیت بە تۆ
با من لە تۆ هەڵفڕم بەرەو مەملەکەتی
کۆشی رەشت نەک ئەو بەئاگردانی
جەهەنەمدا
بتفڕێنێ.

deyar_mahamad@yahoo.com

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image